# کۆمپانیای وشه و یەکەم ژمارەی(ڕۆژنامە)

سەلام عەبدوڵا

لە عالەمی سیاسەتدا دەکرێ مرۆڤ بۆ پێکاندنی بۆچوون یان بەرنامەکەی ئەمانەی خوارەوە پێکبهێنێت: کۆمەڵە، ڕێکخراو، حزب، گروپ، رابیتە، ناوەند، کۆنگرە، فراکسیون، ئەنجوومەن، شوورا، لیژنە، سەرکردایەتی.

بەداخەوە، کاك نەوشیروان پاش نزیکەی 40ساڵ لە خەباتی سیاسی و ململانییەکی دوورو درێژ، لەبری هەموو ئەو فۆرمانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە بۆ کاری سیاسی، هاتووە کۆمپانیای"وشە"ی دامەزراندووە، بەبێ ئەوەی شێوەو شێوازەکەیمان بۆ روون بکاتەوە: ئایا شەرکەتەکەی سنووردارە یان هاوبەشە؟ ئایا باج بە حکومەت دەدا؟ موچەی مانگانە یان هەفتانەی کرێکارەکانی بیرو بازووەکانی چەندە؟ بیمەی کۆمەڵایەتیان هەیە؟ بە گوێرەی کام سیستێم کار دەکەن، مەبەستم ئەوەیە بە گروپ یان بە شێوەی فۆردی کار دەکەن؟ بە گوێرەی سەعات(2 یان 4 یان 8سەعات)یان هەر کەسێك بە گوێرەی توانا و دەرفەت و ئارەزووی خۆی؟ شفتکاری دەکەن؟ چێشتخانەی بۆ بەشداربووانی پرۆسەی کارکردن درووستکردووە یان دەبێ بەخۆیان خەمی ژەمی خواردنیان لەگەل خۆیان بهێنن؟ جیاوازی لە مووچەی فەرمانبەران و پاسەوان و کرێکارەکان چەندە؟

ئیمرۆ(ڕۆژنامە)م دەستکەوت و بە چاوی خوێنەرێکی جددی خوێندمەوەو حەزدەکەم تێبینییەکانم بخەمە بەرچاو:

لەبارەی وتاری(ئەوەی سەرەتا پێویستە بووترێت)

1- نووسراوە(خاوەنی ڕۆژنامەو ستافەکەی کۆمەڵێك لەو خەڵکانن کە لەبواری سیاسی یان ڕۆژنامەگەری یان هەردووکیان کاریانکردووە. عەقیدە، یان فکرێکی دیاریکراو کۆی نەکردوونەتەوە، رای جیاواز، بۆچوونی جیاواز لەسەر دیاردەو رووداوەکان لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام هەموو لەسەر کۆمەڵێك خاڵ کۆکن، کە گرنگترینیان ئەوەیە کۆمەڵگاکەمان پێویستی بە چاکسازیی و گۆڕان هەیە...)

لێرەدا ڕاستی نەپارێزراوە، چونکە خاوەنی ئیمتیاز، سەرنووسەرو ستافی ڕۆژنامەکە سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن وئەمیش سەر بە سۆسیالیستی نێودەوڵەتیە، واتە هەم سەر بەحزبن و هەم خاوەن عەقیدە و فکری دیاریکراون. لایەنگرەکانی خاوەن کۆمپانیا لەناو یەکێتی کاردەکەن و هەندێکیان بەرپرسیارێتیان هەیەو هەر ئەم ڕۆژانەش داوای هەڵبژاردنی نوێیان کردووە!. هەروا بانگەشەی(چاکسازی و گۆڕان) نەك تەنها لەلایەن ئەم کۆمپانیایە دەکرێ، بەڵکو زۆر پێشتر لەلایەن زۆر حزب و لایەنی تریش کراوە!

2- ئەم برادەرانە لەگەل دەرکردنی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامە، ڕوونکردنەوەی ڕاستی بۆ خۆیان مۆنۆپۆڵ کردووە.

3-نووسیویانە(دژی بەرژەوەندی هیچ حزب و لایەنێکی تایبەتی کار ناکەین، بۆ بەرژەوەندی هیچیشیان کار ناکەین، تەنها کارەکانمان بۆ بەرژەوەندیی گشتی دەبێت...)

لێرەشدا(بە ئەندامبوون لەناو ڕیزەکانی یەکێتی، بە پارەوپوولی یەکێتی و داوای چاکسازی و گۆڕان لەناو یەکێتی) ڕاستیان نەپاراستووە. لەبارەی مەسەلەی"بەرژەوەندی گشتی"ش پرسیار دەکەم: ئایا لایەنێك ماوە پێمان نەڵێ"کارەکانمان بۆ بەرژەوەندی گشتی"یە؟!. لەراستیدا بەرژەوەندی گشتی لەلایەن خاوەن کۆمپانیا و تەلارنشینەکانەوە گەمارۆ دراوە. بەگشتی لافدان بەوەی لە دژی بەرژەوەندی هیچ حزب و لایەنێکی تایبەت کار ناکەن و بۆ بەرژەوەندی هیچیشیان کار ناکەن، ئەمە هێلکەیەکە مەگەر هەر خۆتان هەڵیبێنن...

ئەم برادەرانە لەناو یەکێتین و یەکێتی نین، سیاسین و دژی بەرژەوەندی هیچ حزب و لایەنێکی تایبەتی کار ناکەن، سیاسین و لە خەتەرترین بواردا کاردەکەن-بواری ڕاگەیاندن-، و بۆ بەرژەوەندی هیچ حزب و لایەنێکیش کارناکەن....من باوێشکم دێ لەو بۆچوون و ڕستانە!

3-

ئەگەر تەماشای وتاری(ئایندەی سەرمایەگوزاری لە کوردستان، سیروان محەمەد، لاپەڕە8)بکەین، دەبینین بانگەشەی"بەرژەوەندی گشتی"دەبێتە بەرژەوەندی و خەمخواری بۆ کەمایەتی، واتە سەرمایەداران و یاسا بەدناوەکەیان کە بە هیچ شێوەیەك بەرژەوەندی ملیونان فرۆشیاری بەرهەمی هێزی کار-کرێکاران-ی کوردستانی لەبەرچاو نەگرتووەو بەبێ راوێژکاری لەگەل سەندیکا کرێکارییەکانی کوردستان و بەبێ بیرکردنەوە لە یاسای کار، دەرکرا. ئاخر دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان گەورەترین گاڵتەجاڕی بوو لە مێژووی پەرلەمانی کوردستان: نوێنەرانی زۆربەی خەڵکی کوردستان، یەکەم جار یاسا بۆ کەمایەتی دەردەکەن!. ئەگەر پەرلەمێنتارەکان بە دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان خۆیان کرد بە یەکەم گاڵتەجاڕی، (کۆمپانیای وشە)ش وەك داواکاری"چاکسازی و گۆڕان"، بە بڵاوکردنی ئەو وتارە لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەکەیان، خۆیان کرد بە دووهەم گاڵتەجاڕی!؛ پێم وایە ئەم رۆژنامەیەش ئەم پەندی پێشینانەی خوارەوە بۆ دەگونجێ(ئەوەی هیچی نەبێت، ناتوانێ هیچ بدات)و(پەرداخ چی تێدا بێت، ئەوەی لێ دەرژێ)!

ئایا شەرکەتی وشە بەو ئەقلییەتەو بە بڵاوکردنی ئەو جۆرە وتارانە دەیەوێت"بەرژەوەندی گشتی"بپارێزێ و لە دژی گەندەڵی چالاك ببێت؟!

ئایا ئەمە(تایبەتمەندی و دەنگی جیاواز و داهێنەر)ە؟!

4-ئایا رۆژنامەیەك بە ریکلام بۆ(تافت، فزیون، ساناتێل، کۆمپانیای ئاریا)و بورج و وشەی یەکتر بڕ، دەتوانێ هەڵگری پەیامی چاکسازی و گۆڕان بێت؟! لەوانەیە بڵێن بە بڵاوکردنی ریکلام، برێك لە داهاتی رۆژنامەکەمان دابین دەکەین، بەڵام با ئەم بەرێزانە بزانن کە(شڤارتس کۆپف)بەرهەمێکی کیمیاوییەو لەوانەیە زیان بە پرچی خەڵك بگەیەنێ!

بەداخەوە (رۆژنامە) لەیەکەم ژمارەیدا لەبری دژایەتی گەندەڵی، خەمی گەندەڵەکانی خستووەتە روو!

بۆ پەیوەندی: 07701929872 dwaroj@yahoo.de